www.kurdistannet.org
5-8-2007 0:05 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ژن و زانکۆ ... نەجات روستی

najatrosty@yahoo. com

تونددەستی بەتەنورە کورتەکەی بەرییەوە گرتبوو بۆئەوەی رەشەبا بەرزی نەکاتەوە، لەژێر چاویلکە رەشەکەشیەوە چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، ناوەناوەش دەستی چەپی لەتەنورەکەی بەرئەدات سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکردوو وەك بڵێی چاوەڕێی کەسێك بکات. هەرواش بوو...

هەرکە گەیشتمە بەردەمی بەخەندەیەکەوە سەیری کردم، رووێکی خۆشی نیشاندام.. چەند جارێك داوام لێکرد کە بیگەێنم لەگەڵم سەرکەوێ... ویستی نەیەت چەند جارێك دووبارەم کردەوە بیگەێنم. بۆجارێك سەیری کاتژمێرەکەی کردوو دیار بوو لەکاتی ژوانەکەیان تێپەڕیبوو.. هەنگاوی بەرو ئۆتومبێلەکەم هەلێنا، لەرێگا بەدەم پێکەنین و هەواڵ پرسین: چەند جارێکە لەم ویستگەیە ئەتبینم، رێگا کەی تۆو زۆر دوورە چۆنە لێرە ئەوەستی چونکە زۆر دوور ئەکەویتەوە. نیگایەکی قوڵی تێبڕیم: کەس بەدەردی کەس نازانێ لێرەوە سەرەنجی راکێشام کە بەدوای قسەکانی بچم. سەرەتا نەیدەویست باسی هیچ بکات. دوای ئەوەی کە کەوتینە گفتوگۆ لەووتەکانی بۆم دەرکەوت کە بەکێشەیەکەوە ئەنالێنێ. هەوڵ ئەدات چارەی بکات. کە دڵنیابو لەوەی کەمەبەستمە هاوکاری بکەم. بەنەرمە شەرمێکەوە کە تنۆك تنۆك ئارەق بەرووی دا دەهاتە خوارەوە: ئەو کاتەی کە لەزانکۆ بووم سەرەتای ساڵی یەکەم کورێکم ناسی لەرێگەی هاورێیەکی ترمەوە بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام هاموشۆی هاورێکەمی دەکرد لەزانکۆ ئاشنایەکی زۆرمان لەگەڵ یەکتری پەیدا کرد بە بەردەوام بەتەلەفون قسەمان دەکردوو لەهەموو بۆنە خۆشەکانی زانکۆ هاورێکەم بانگی دەکرد. رۆژگار بەخێرایی تێپەڕی تا رۆژێك لەناو گۆرەپانی زانکۆ بەنێگایەکی قوڵەوە سەیری کردم ئەوە سەرنجی راکێشام هەرچەندە لەناخەوە دەمێك بوو ئاشنای یەکتری بووین بەڵام دیواری شەرم نەی دەهێشت ناخی دڵمان بۆیەکتری دەربڕین ئەو رۆژە وام لێکرد چی لەناخی دایە بیڵێ چونکە ئەمزانی دەیەوێ شتێك بڵێ.. بەڵام نەیئەتوانی هەستم کرد ئارام بووە پاش بێدەنگی زۆر.. کەسەرپای دەوروبەرمان نوزەی لێوە نەدەهات. بەهەناسە سواری چەند جارێك: خۆشم ئەوێی خۆشم ئەوێی.

زۆر دەمێکە لەناخمایەو حەز دەکەم پێت بڵێم لێرەو ... .

ژیانمان ئاوێتەی یەکتری بوو نزیکەی سێ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو بەردەوام قسەمان دەکردوو بیر و بۆچونەکانمان ئاڵ و گۆر دەکرد.

چەند جارێك داوای لێکردم کەرازی ببم بێتە داوام. بەڵام چونکە لەزانکۆ بووم دڵنیا بووم تا تەواو نەبم مالەوەمان رازی نابن. بۆیە پێشنیارم کرد کە تا زانکۆ تەواو دەبێ با هەر ئاواهی بین. دوای زانکۆ بووم بەمامۆستا نزیکەی دووسالە لەوماوەیە چەندین جار داوای لێکردم من زۆرم خۆش دەوست، بەڵام دایکم رازی نییە دەڵێ بڕوانامەی نییە چۆن دەبێ تۆی دەرچووی زانکۆ بێت لەگەڵ کەسێك زیانی هاوسەری درووست دەکەی کە دەرچووی سەرەتایی بێت. من ئەو کورەم زۆر خۆش ئەوێ بروانامە گرینگ نییە بەلامەوە. هەرچەند دەکەم دایکم قەناعەت ناکات. منیش چەندین بیرەوەریمان بەیەکەوە هەیە کە زۆر ئەستەمە بتوانم بەئاسانی لەبیری بکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.